کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-8-2007 21:31بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## فیلمی ڕەش و سپی و فیلی ڕەنگی ... ئەحمەد دەشتی

لەم ڕۆژانە خوارزاییێکم لە کوردستان گەڕایەوە ئەلمانیا کە لە شاری بەرلین دا دەژین و ماوەیەک بوو بە سەفەر چوو بۆوە شاری هەولێری دیرن، دوای ئەوەی کە چاوم پێ کەوت چاک و خۆشیم لە گەلدا کرد و هەوالی تەواوی خزمان و دۆست و هەڤالانم لێ پرسی، گوتم باسی کوردستانمان بۆ بکە کەدونیای کوردستان چۆنە؟ ئەویش لە وەرام دا گوتی ماچۆن بێت!! مرۆڤ کە لە کوردستان دەگەڕێتەوە ئەم وەلاتە خۆش و باسەفا و پڕ لە جوانی و سەوزایی و دارو بار و پڕ لە گول و گولزاران دا وەک ئەوە وایە کە فیلمی ڕەش و سپی یەکسەر بگۆڕێت و یەکسەر ببێ بە فیلێکی ڕەنگی و پڕ لە جوانی و شاد!! گوتی کوردستان و ئێرەش ئاوایە و ئەم دیمەنە جوانانە کە لێرە دەبینم ئاوام دێتە بەرچاوان، قسەکەمان زۆر پێ ڕاست بوو کە بە ڕاستی تەشبیهێکی جوانی کردو ئێمەش گەلێک پێکەنین و لە هەناسەی خەماوی خۆمانەوەمان ئاخمان هەلکێشا، هەر لەو بارەوە چەند پەیڤێکمان گوت و ئاواتمان بەوە خواست کە ڕۆژێ بێت ئێمەی کوردیش لەوهەموو دیمن و سیما ڕەش و سپیانە ڕزگاریمان ببێ و ببین بە خاوەن وەلاتێکی پڕ لە سەربەخۆیی و کوردستان و کوردیش ڕزگاری ببێت و چیتر توش بە کارەسات ونەهامەتیەکان و ئەو هەموو هێرش و پەلاماردانەی دوژمنانی کوردستان نەبینەوە، وەلاتی ئێمەش هەمیشە وەک فیلمی ڕەنگاو ڕەنگی پڕ لە جوانی دا ببیندرێت و کوردستان بەرەو پێشەوەو بەرەو سەرکەوتن و جوانی بڕوات.



دیارە کە ئاوات و ئارەزوەکانی کە بۆ خاک و نەتەوەی کورد لە ناو دڵ و دەروونی هەرکوردێکی دڵسۆز و بە وەفا دا هەیە تەنیا بەختەوەری و سەربەرزی و پێشکەوتنە کە لە سەر خاکی کوردستانیش دا وەک ئەوهەموو گەلانەی جیهان وەدی بێت و کوردستانمان ئازادو ڕەهاو سەربەخۆ و شادان ببێت، گەلی کوردیش بتوانێت کە زانایانەو دڵسۆزانە وەلاتێکی پڕ لە جوانی خۆی بسازێت.

ئەو تەشبیهەی ئەو خوارزایەم زۆر بەلاوە جوان بوو چونکە منیش کە گەلێ جاران دەچمەوە کوردستانەکەم و ئەم وەلاتە جوانانەی ئەروپام دێتەوە بەر چاوو نیشتمانە خاپور کراوو وێرانەکەی خۆم دەبینم بەڕاستی ئەسرین لە چاوانم هەلدەڕێژم و دلم پڕلە ئاخ و حەسرەت و خەم و وەی دەبێت. جارێکیان سەفەرێکی نەمسامان کرد، لە گەل مال و مندالانمان بە قەتار بەرەو وێندەر چوین بۆ سەردانی کاکە یوسف و ڕۆناکی کچۆلەی ئازیز و ئاوارەمان لە فیەننا، لەو ڕێگەوە کە بە ناو ئەو هەموو دیمەنە جوان و پڕ لە سەوزاییە و تا چاوت هەتەر دەکات تەنیا جوانی وەدی دەکەیت، ئەو هەموو کێوە سەر سەوزو قەشەنگانەی ئەو ناوە دەبینیت مرۆڤ لە جوانی دا سەرسام دەکات و هەر حەزدەکەی بەو ناوەدا بڕۆیت و تێ بپەڕێت، هێندە شەپالە هەرگیز چاوت لە جوانی تێر نابێت، منیش لەو دەمانە دا کوردستانە ئازیزو وێرانکەی خوۆم هاتەوە بەرچاوان و لە دلی نامۆیی خۆمدا دەمگوت: ئەرێ بۆچی وەلاتی ئێمەی کوردیش ئاوا جوان و قەشەنگ و لەبار نیە؟ بۆچی گەلی کورد نەیتوانیوە کە بگا بە خاوەن کیانێکی خۆی و تا بتوانێت نیشتمانی خۆی ئاوا ئاوەدان بکاتەوە و ئاوا جوانی بکات و دارو سەوزایی و جوانی لە سەر خاکی خۆی دا بروێنێت؟ بۆچی باوک و باپیرانی ئێمەی کورد نەیان توانیوە کە ئەم کوردستانەش ئاوا جوان بکەن و نەیان توانیوە کەخزمەت بە خۆیان و نەوەکانی ئەمڕۆ و سبەیان بکەن؟بۆچی ئەمڕۆش ئێمەی کورد وەک پێویست ناتوانین ئاوا وەک ئەم گەلانەی پێشکەوتوو بکەین و نیشتمانی خۆمان ئاوا ئاوەدان بکەینەوە و بەرەو پێشی ببەین؟ بۆچی هەتا ئەم ساتەش کەکوردستان وەدی دەکەیت جگە لە وێرانی و دوا کەوتن شتێکی تری تیا وەدی ناکەیت؟ ئەم پرسیارانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و گەلێ پرسیارانی تر بە خانەی خەیاڵم دا دەهات و لە تاوان جگە لە ئەسرین ڕشتن بەولاوە هیچ دەسەڵاتێکی ترم نەبوو، هەرچەند کە دەمڕوانی زیاتر ئەسرینم دەڕشت و دڵم دەبوو با ئاوو دەڕژایە ناو ئەو هەموو جوانی و زیبایی ئەم وەڵاتە پیشکەوتوانە، کاکە دکتۆر هیوای ئازیزم کە لە گەلمان دا بووگوتی: ئەرێ باوکە گیان بۆچی فرمێسک لە چاوان دەڕێژی و ئاوا خەمبار بووی؟ منیش لە تاوان چاوی خۆم دەسڕیەوەو دەمگوت ڕۆلەگیان کوردستانی خۆم دێتەوە ناو خانەی خەیال، کەچی کوردستانی من وێرانەیە و ئەو هەمو جوانییانەی تیادا وەدی ناکرێت!! گەلی کورد گەلێک لە دواوەیە و نەیتوانیوە کە ئاوا وەلاتی خۆی بەرەو پێشەوە ببات و وەک ئەم دیمەنە جوانانەی ئەم دەرو دەشت و کێوانەی ئەم وەڵاتەنییە!! کوردستانی ئێمە هەرگیز ئاوا ڕازاوە نەبووە و ئاوا جوانی تیادا وەدی ناکرێت!! گوتی باوکە گیان بۆچی نیشتمانی ئێمەی کورد ئاوا نیە؟ منیش لەوەرام دا گوتم ڕۆلە گیان دوژمنانی کورد و داگیرکەران هۆکاری هەرە گەورەن، خۆ بە خۆشمان واتە گەلی کورد زۆر نەزانەو زوو بە قسەی داگیرکەرو دوژمنان دەخەڵەتیین، دیارە کە زاڵبوونی دوژمنان بە سەر کوردو کوردستاندا بوونەتە هۆاکارێکی گەورە و لێ نەگەڕاون کە گەلی کورد قەت یەک بگرێت و کوردستانای پارچە پارچە کردووە، گەلی کوردیش قەت یەکگر نەبووەوزۆر نەزان بووە، هەر بۆیەشە کە باوک و باپیرانمان نەیان توانیوە ئەم کارە خزمەتگوزاریانەی نێستمان ئەنجام بدەن و ئەمڕۆ بۆ ئێمە وەڵاتێکی پێشکەوتوو لە هەموو بوارەکانەوە وەدی بێنن، لە جیاتی ئاوارەبوونی ئێمە لە سەر خاکی پڕ لە جوانی کوردستانی خۆمان باین، دەستی نەزانین و دواکەوتن لە وەلاتی ئێمە دا زۆر درێژە بۆیە ئێستاش ئاوا ماین، هەروەک ئەمڕۆش نەمان توانیوە کە بۆ سبەی ڕۆژ ئێمە وەڵاتەکەی خۆامان بۆ نەوەکانی ئایەندە بە جوانی و پیشکەوتن بگەیێنین، هیچ نەبیت هەر کوردێک بە پێی توانای خۆیەوە دارێک لە بەر ماڵەکەی خۆی لە سەر خاکی خۆی دا بچێنێت و خزمەتی بکات و پێی بگەیێنێت، هەروەک ئەم گەلانەی کە دەیان بینی کە وەڵاتی خۆیان چۆن پێشخوستوە، خەڵک و حکومەت و هەموو کەسێکیان خزمەتگوزاری گەل و نیشتمانی خۆیانن، بە پیچەوانەی ئێمەی کورد کاریان کردووە، ئەمە داخێکی زۆر گرانە کە گەلی کورد تابڵێی نەزانە، ئەم نەزانین و هاکار و کردەوەکانی کە هەن خەسڵەتێکی زۆر خەراپە کە ئێمەی کورد ئاواین، هەمیشە دوژمنانیشمان لە خۆ بە گەورەتر داناوە و بوونی هەزاران هەزار نۆکەری داگیرکەرانی کوردستان کە هۆرەی داری ئازادی و پیشکەوتن بوینە، لە ناومان دا زۆرن، تا ئەم ساتەش بە ژیانێکی ئازادو سەربەخۆ و ڕەها نەگەیشتووین، هەروا بە دواکەوتوویی و نەزانین ماوێنەتەوە، تەنیا ئەو گەلانەش سەربەخۆ و رزگار دەبن کە بەڕاستی زاناو دڵسۆزو لێ هاتوو بن و لە ئاستی ڕۆژگاران و بە سەر هاتەکانی خۆیان و دەورو بەریان بن و هەرگێز ڕێگا بە داگیرکەران نەدەن کە خاکیان لێ داگیر بکەن و سەروەت و سامانیان بە فیڕۆ بەرن، وەک ئێمەی کورد کە تا ئەمساتەش خاکمان داگیر دەکرێت و مافمان دەخورێت و سەروەت و سامانمان هەمووی بە تالان دەبردرێت، ئێمەی کورد لە هەموو شتێکەوە بێبەش دەکەن و سیمای وەڵاتەکەمان دەبێت بە سیمای فیلمی ڕەش وسپی و ئەو هەموو کارەساتانەمان بە سەر دێنن کە دەبینین تا ئەو دەمەش ئێمەی کورد سەربەخۆ و ئازدو رەها نین، تا ئەو دەمەش کە زاناو دڵسۆز و پاک نەبین، تاکو دوژمنانی خۆمان نەناسین و توڕیان نەدەین، ئەوا هەرگیز بە ئاواتە دیرینەکانی خۆمان ناگەین و هەروا دەمینێینەوە، تا ئازادو سەربەخۆ نەبین کوردستانمان پێش ناکەوێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.